www.kurdistannet.org
26-2-2007 18:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سێبەری مەرگ ... ئارامی شێخ موحەمەد

2006 .01 .01

بۆ عا شورای مەرگ
پێمان ووتن بەسەخەیاڵ، مەستی وادەی بەسەرچوونە
مەستی مانای لەناو پێکی ژەهری دوژمندا وونبوونە
ببینەچۆن هەوری تاریک، زەردەخەنەی ڕۆژ وون ئەکا
چۆن ڕەشەبا سەری داری پایز وەک شێت، قژ ڕن ئەکا
چۆن هێرشی سڕی شەختە، دا دەپۆشێ خونچەی کەنا ر
چۆن تۆفانێ گووڵ ڕن ئەکا، باڵا ی سەوزی بووکی بەها ر
پێمان ووتن بەسەمەستی، مێژوو دووبارەدێتەوە
لەناو شەودا ژین وەکو مۆم، بەگڕی خۆی ئەتوێتەوە
کام ڕەنگ جوانەلەسروشتدا، لەناو ڕەشدا خۆی وون ئەکا
ژیان وەکو بووکی غەمگین، سەرتاپا ڕەش لەبەر ئەکا
ڕەش پێکی ژەهری دووا ڕۆژوو چارەنووسمانە، بیزانە
هەتا سووتان و تاعوونو دەردو ئازارەو بۆ گیانە
تا لەگەڵ ڕەش هاوتەبا بین، خەندەنایەتە بەڕوومانا
ڕەش سێبەری تر س و مەرگەو هێواش دەخشێ بەدوومانا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.